# عودی کوڕی سەدام شێر و بەچکەکانی بە گۆشتی عیراقییەکان تێردەکرد. . !!

ئامادەکردنی لە سویدییەوە: شـــــێرزاد هـــــەینی
heinisherzad@hotmail.com

چەند رۆژە رەوشتە نامۆییەکانی عودەی کوڕە گەورەی سەدام حوسین باس و هەواڵە، باسی شەوچەرەکانی، ژنە سۆزانیەکان، ئاهەنگەکانی و زۆری تر، لە هەموویان دڕندەترو دوور لە بڕوای خوێنەران ئەوەیە کەوا ئەو شێرو بەچکەکانی بە گۆشتی گیراوەکان تێرکردووە، ئەوانی پاسەوان و نزیك و شارەزابوون لە پەروەردەکردنی ئاژەڵەکانی، ئەوەیان ئاشکراکردووە کەوا ئەو، گیراوەکانی، ئەوانەی بەرهەڵستی رژێمی باوکیان کردووە، ئەوانەی کەوتونەتە بەردەستی ئەو، بە زیندووی و بە زەقی چاویان، بۆ خۆشی خۆی و ئاژەڵە دڕندەکانی، گیراوەکانی فرێداوەتە پێشیان و خۆشی بە دیاریانەوە دانیشتووە، تا ئەوان واتە شێرە خۆشەویستەکانی ئارەزووی خواردنیان هەبێ و شێتانە بیانخۆن خوێنی بەسەریان داکردوون، واتە بە خوێن بۆیان چەوری کردوون. ئەوانەی ئەو شاهیدیانەی داوە ئەوەشیان وتووە ئەو زۆر حەزی لەو دیمەنانە کردووە و بە زەوقەوە لەدیاریانەوە دانیشتووە. هەروەها لە رۆژنامەکانی ئەو چەند رۆژەش ئەو هاتووە کەوا ئەو بۆ هەوستبازی و شەوە سۆزانیەکانی چەندین ژنی گۆڕییوە، حەزی بە گۆڕین کردووە، ژنی قەڵەو و لاوازو سپی و رەش ئەسمەرو هەژارو دەوڵەمەندی گۆڕییوە. هەروەها ئاشکرایان کردووە کەوا عودی بێجگە لە ژن و رابواردن وکوشتن زۆری حەز بە ئەنترنێت و دیمەنی سزادان و خشل و ئوتومبێل وخواردنەوەکردووەو. . . دایکیشی خۆشویستووە.

